# «٨ی مارس» ڕۆژی جیهانیی ژنان پیرۆزبێت!

بەبۆنەی هاتنی "٨ی مارس"، ڕۆژی جیهانیی ژنان، پیرۆزبایی لە ژنانی تێکۆشەر و چەوساوە و بندەستی کورد دەکەین.

بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ڕۆژهەلاتی ناڤین بە گشتی و، پاشکەوتوویی ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان بەتایبەتیی، بەرادەیەکی زۆر کاریان کردووەتە سەر شێواندنی بنەمای فەرهەنگ و شارستانێتیی کۆن و هەزاران ساڵەی کورد و، نایەکسانی و چەوساندنەوەیەکی زۆر، بەرامبەر چینی ژنان، سەرتاخواری کۆمەڵگەی کوردەواریشی گرتووەتەوە.

بەدرێژایی خەبات و ڕاپەڕینەکانی کورد، چینی ژنانی کوردەواریی، وەک پێشمەرگە، بەرامبەر هێرشی سوپای داگیرکەران ڕاوەستاون و، پارێزگارییان لە نیشتمانەکەیان کردووە. بەهەزاران ژنی کورد لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە و گوللەباران کراون، ئەنفال و بۆمبابارانی کیمیایی کراون، سەرباری ئەمانەش ئەرکی نێوماڵ و پەروەردەکردنی منداڵیان بەئەستۆ بووە و هەیە، بەلام ئەمانە نەتەنیا نەبوونەتە هۆی باشتربوونی پێگە و ڕێزی کۆمەلایەتییان، بەڵکو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پتر بەرەوڕووی لێدان و بێڕێزی و دەستدرێژی و، بنپێکردنی کەسایەتییان بوونەتەوە

هۆی پەرەسەندنی ئەم دۆخە دزێو و نابەرامبەرە لەدژی ژنان، لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ بندەستی و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چەندین ڕژێمی پاشکەوتوو و دیکتاتۆردا کە بەپێی بیروباوەڕێکی کۆنەپەرستانە و پاشکەوتووانەوە سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتییان بەڕێوەدەبەن، لەلایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی کورستان، کە ئەوانیش بەهۆی ئاستەنگی هزری و لاوازبوونی بیری یەکسانییەوە، نەیانتوانیوە گۆڕانێکی هزری لەنێو کۆمەڵگەدا بەرامبەر چینی ژنان پێک بێنن.

بەدەیان ڕێکخراوە بەنێوی ژنانەوە لەلایەن حیزبە سیاسییەکانییەوە دامەزراون، کە ئەمانە نەتەنێ خزمەتی کێشەکەیان نەکردووە، بەڵکو هێندەی دیکە بوونەتە هۆی پەرتو بلاوەکردن و لاوازکردنی . چۆنکە لەباتی لێدوان سەبارەت هۆکارەکانی نایەکسانیی نێوان ژن و پیاو و، دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەی گونجاو بەشێوەی هاوچەرخ و بابەتانە، ساڵی جارێک، سەرزارەکی و ڕۆتینی، لە بۆنەی حیزبیدا، یان لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا، وتارێک دەخوێندرێتەوە و، سەما و هەڵپەڕکێ و شیرینی خواردن ڕێدەخرێ، بەلام بۆ ڕۆژی دووایی، هەڵسوکەوت و یاسا و بیرکردنەوەکان دەگەڕێنەوە بۆ نێو قاڵب و چوارچێوەی خۆیان...

لەبەر ئەوە، ژنانی کورد، بەمەرجێک دەتوانن کۆتایی بەم نابەرامبەرییە زاڵمانەیە بێنن و، داکۆکیی لەمافەکانیان بکەن و، بەو یەکسانییە بگەن کە لەنێو کۆمەڵگەدا مەبەستییانە، کە بەکردەوە تێبکۆشن، نێوەند و سەندیکا و ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن و، گوشار بخەنە سەر دەسەلاتداران بۆ داڕشتنی یاسایەکی نوێ کە تێیدا مافی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ وەک یەک بگیرێتەبەرچاو. ڕۆشنبیرانی ژن، هەروەها ڕۆشنبیرانی پیاو، پێویستە لەو بوارەدا ڕۆڵی مێژوویی و مرۆڤی و نەتەوەیی خۆیان بگێڕن.

**بەشداریکردنی ژنان لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیدا مەرجی پێشخستنی شۆڕشە پیرۆزەکەمانە. ژنی کورد، کاتێک دەتوانێ لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەیدا ڕۆڵی چالاک بگێڕێت کە لەپێشدا کەسایەتییەکی سەربەخۆ، بڕوابەخۆ لەخۆیدا پەروەردە بکات. ئاستی هۆشیاری ژنان، ئاستی بەرزی و نزمی فەرهەنگ و شارستانییەتی ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگە سەربەخۆیە دەردەخات، کە لە دوارۆژی کوردستاندا دێتەدی. واتە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی ژنان، لە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیدا، لەلایەک دەبێتە هۆی بەهێزبوونی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەمان، لەلایەکی دیکەشەوە، هەر لە ئێستاوە، بناخەی سیستەمێکی مۆدێرن و هاوچەرخانە بۆ داهاتوومان و، بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد و، دێمۆکرات و سەربەخۆ، دادەڕێژین.**

جارێکی دیکە، "٨ی مارس"، لە هەموو ژنانی کوردستان پیرۆزبایی دەکەین. بەهیوای گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان!


ماناز قورئانی

ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی

یەکێتیی ژنانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان


٢٠٠٦/٣/٨